لیژنەی دارایی پەرلەمان:موچەی فەرمانبەران بە 2025 مسۆگەر

سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، وەزیری دارایی دەنیایی داوە کە مووچەی فەرمانبەران بە ئەمساڵ مسۆگەر و لیژنەیەکیش لە بارەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم پێکدەهێنن.

عەتوان عەتوانی سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، تایف سامی وەزیری دارایی لە میانی میوانداریکردنیدا بە لیژنەی دارایی پەرلەمان، پشتڕاستی کردەوە کە موچەی فەرمانبەران بە ئەمساڵی 2025 مسۆگەر.

ئاماژەی بەوەشکرد، لیژنەیەکی لاوەکیان پێکهێنا بە بەدواداچونی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بە ساڵانی 2024-2025.

ئەم شەممە، لیژنەی دارایی پەرلەمان میوانداری تایف سامی وەزیری دارایی کرد بە گفتوگۆکردن لەسەر خشتەی بودجەی ساڵی 2025 و دەستبەرکردنی مووچەی فەرمانبەران.